www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:19 4-7-2006

## خود-ئەنفالیزم ئاوڕدانەوەیەک لە گەندەڵی ... جیهانگیر غەفاری

هەولێر /

هێندە باس لە گەندەڵی دەکری، هەرگیز بە درێژایی مێژووی پڕ کەند ولە ند وهەوراز و نشێوی گەلەکەمان، هێندە باس لە: رۆحێکی نەتەوەیی - نیشتمانی، سەربەخۆیی، یەکگرتن، دەربازبوون لە عەقلیەتە کوشندەکان، رزگاربوون لە عەقلیەتی دینی... هتد نەکراوە.

گەندەڵی بووە بەکلیلی رەشی کردنەوەی دەرگە و دەروازەی دیالۆگەکان لەناو قاوەخانە/کۆڕ / سیمینار/بۆنەکان/ تەنانەت بووە بە نوقڵی تاڵی میوانییەکانیشمان، لەوەش زیاتر بەشێکی بەرچاوی رۆژنامە و میدیای حزبی و ناحزبی ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە.

گەندەڵی ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا، لە "دیاردە" دەرچووە و خەریکە دەبێتە کلتورێکی وێرانگەر، پرسیار دەکری: گەندەڵی هونەری کۆمەڵە دەسەڵاتدار یاخود دەسەڵات پێسپێردراوە یان جوگرافیایەکی بەرفراوانی هەیە و لەناو وەزارەت و دەفتەری سیاسی و... جێی نابێتەوە.

ئەمانەش لەحاڵێکدایە، کە 15ساڵ بەسەر ئەزموونێکی کوردی تێدەپەڕی، ئەزموونێک کە بووەبە"کەعبەی ئازادی" هەموو کوردێک. ئەم شێرپەنجەیە وەک ئەژدیهایەکی سەرکەش و بێبەزەیی تادی، بێزاری زیاتر دروست دەکات، شەق (شکاف) ی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات قووڵتر دەکات، خەریکە نەسلی نوی هەڵلوشی، ئەگەر چی پەرچەکرداری هەندێک لە بەرپرسان و مەسئولانی کورد! بەجۆرێک لە "ئەوپەڕهاوێژی" پێوە دەبیندری و لەم رەهەندەوە دەیانەوی حیلەیەکی سیاسی/ شەرعی بۆ گەندەڵییەکان بهێننەوە، بەڵام تاڵەبانی و بارزانی تا ئێستا حاشایان لە بوونی ئەم ڤایرۆسە نەکردووە و نێچیرڤان بارزانیش گەندەڵی بە"مایەی نەنگی دەسەڵات " لەقەڵەم داوە، کەوایە بەو ئەنجامە دەگەین "لە کوردستاندا گەندەڵی هەیە".

گەندەڵی چییە؟

لەهەندێک پێناسەی تەقلیدیدا دەبێژن:

"گەندەڵی واتە بەخراپە کەڵک وەرگرتن لەدەسەڵات. " من ئەم پێناسەیە بە بەشێک لەواقعییەتی گەندەڵی و هەقیقەتی واتایی گەندەڵی دەزانم، چونکە ئەم ڤایرۆسە فرە رەهەندە لەوەها پێناسەیەکی کورت و کلاسیکیدا کورت ناکرێتەوە.

گەندەڵی واتە:

- بێ بەڵێنی و پەیمان شکێنی و درۆزنی.
- پابەند نەبوون بەریسا مرۆییەکان و بەکاڵا و پەیژەی سەرکەوتن کردنی شەهید.
- ڤیزەوەنکردنی سەروەرییەکان بەئاکارو کرداری دژی مرۆیی، دژی گەلی، دژی نیشتمانی.
- تاڵانکردنی سامانی نەتەوەیی - نیشتمانی.
- ناشیرنکردنی پێناسەی شۆڕشگێڕی و خەبات بۆ ئازادی.
- لەلایەکی ترەوە گەندەڵی واتە تەسلیمبوونی تاک/کۆمەڵگا.
- بەرزراگرتنی کلتووری دەروێشی و لەرزین لەبەرامبەر بەرپرسان و مەسئولاندا.
- گەندەڵی دیتن و بێدەنگبوون و شەرعیەتدان بە گەندەڵی.
- گەندەڵی لەپێناسەیەکی تردا واتە بە بازرگانبوونی شۆڕشگێڕ.

پرسیار ئەوەیە:

- ئایا گەندەڵی دیاردەیەکی سیاسییە؟
- ئایا گەندەڵی دیاردەیەکی ئەخلاقییە؟
-ئایا گەندەڵی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە؟
- ئایا...

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، دەتوانین بڵێین، گەندەڵی لە بنەڕەتدا ریشەی لەناو ئەخلاقییات و مەعریفەدا هەیە، پاشان دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە کەناڵی کۆمەڵگەشەوە بۆناو حزب / دەسەڵات دەگوازرێتەوە و ئەمجارە لەسەر شانۆی سیاسەت و دەسەڵاتداری و فەرمانڕەواییدا، روخسارەکەی تری پیشان ئەدات.

هۆکارەکانی گەندەڵی

**بێگومان گەندەڵی وەک هەر دیاردەیەکی تر "کۆ- فاکتەرێکی" لەپشتە و زادەی یەکگرتنی کۆمەڵە پارادیمێکی مێژوویی/سیاسی/ ئەخلاقی و... هتد. ئەوەنییە، لەپڕێک، لەساتەوەختێکی دیاریکراودا، لەم نیشتمانەدا بارببی، بەڵکو خاوەن مێژووە.**

---

**مێژوویەک دروستکراوی ئیرادەی"ئەویتر"ێکی تۆقێنەر و جینایەتکارە.**

**لێرەدا دەتوانین ئەم چەند خاڵە وەک هۆکارەکانی سەرەکی گەندەڵی دەستنیشان بکەین:**

**1- داگیرکەر و بەرنامەکانی**

**لە سەرەتای درووستکردنی دەوڵەتی سێزاریەنی عێراقەوە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، کورد لە سپێدە شوومەی ئەم رووداوە نەگریسە نارەزایەتی خۆی دەربڕی و بە بەشدارینەکردنی (تحریم) هەڵبژاردنەکان بەگژ پیلانی نوێی زلهێزەکانی جیهاندا چۆوە، چونکە گەلی کوردستان هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ عەرەبی بیابانیدا نەئەدیتەوە تا لەناو کیانێکی سیاسی هاوبەشدا لەگەڵیا بژین وردە خەبات دژی رەتکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند دەستیپێکرد، خەبات بۆ دروستکردنی کیانێکی جیاواز.**

**کاتی ناوەند نشینان بە پاشایەتی و کۆماری و بەعسیشەوە دیتیان ئەم گەلە کۆڵنادات و ناچێتە ژێر رکێفی شۆفێنزمی عەرەبی، کۆبوونەوە و زنجیرە پلانێکیان بۆ بە چۆکدادانی گەلی کوردستان ئامادەکرد، کە لەدوو" کۆ- پیلاندا " خۆی ئەدیتەوە:**

**1-1) کلتوورساید**

**1-2) جینۆساید**

**لێرەدا لەسەر خاڵی یەکەمی واتە "کلتوورساید" بەهۆی پێوەندیداربوونیەوە بە وتارەکەم دەوەستم: کلتورساید واتە سڕینەوەی کلتووری/ئەخلاقی/مەعریفی/ و گۆڕانی هەویەت و شوناس و بەها مۆراڵییەکان بەرەو ئاقاری مەبەست.**

**کلتوورساید هاتە ئاراوە بۆ چۆڵکردنی پشت بەرە، کەلتوورساید بۆ تەعریبی ئەخلاقی/مەعریفی/زمانی پراکتیزەکرا.**

**کلتوورساید بۆ بەعەرەبیکردنی خەون و خولیاکانی تاک/خێزان و کۆمەڵگا پەیڕەوکرا. لە یەکەم هەنگاودا کلتوورساید سیستەمی پەروەردەی کرد بە وێستگەی ئەم شەمەندەفەرە شوومە، لێرەوە عەقڵییەتی عەرەبی/ بەعسی برەوی پێدرا، عەقڵییەتی بەعسی، عەقڵییەتێکی هاندەرانە (انگیزیشی) بوو، کە خۆی لە: "لەگەڵما بە و بێخەم بە. "، "لەگەڵمابە و دەوڵەمەند بە. "، "لەگەڵمابە و ئاسوودە بە. " ئەدیتەوە، تۆڕە ژاراوییەکانی ئەم عەقڵییەتە، ئەمجا لە رێگای میدیای شۆفێنزمی عەرەبییەوە ساپۆرتی پرۆگرامە پەروەردەییەکانی سەنتەری دەکرد، خێزانی کوردی پێکا.**

**بەعسیزم زۆر زیرەکانە و ئەهریمەنانە کلتوورسایدی تۆکمەتر و پوختتر و کاراتر کرد. تا رادەیەک کەنرخی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگەی زۆر بەرز کردەوە، دەستدرێژی کردنە سەر خوشک و ژن و دایکی ئازادیخوازان، ئیعدامکردن، دوورخستنەوە، ماڵ و سامان بەخۆراکی شوفێڵکردن، نموونەیەک لەو نرخانەن کە پشتیوانانی شۆڕش دایان.**

**ئێستا کلتوورساید بۆ تێکدانی بەها ئەخلاقییەکان ئیش دەکات، خۆش گەرەکبوون، وەفاداری، سۆزی ئینسانی، ئینتیما، کە لە تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی مرۆڤی کورد بوون، جێگای خۆی بە خۆپەرستی، بەرژەوەندی خود میحوەری، ئەمنیەتی خۆم و خێزان و خێڵەکەم، بازرگانیکردن و هتد دا. کەوایە گەندەڵی بەشێک لە ئامانجەکانی کلتوورسایدی عەرەبی بوو، کە بەداخەوە ئامانجەکەی پێکا و لێرەوە رۆحێکی کوێستانی بەرەو رۆحێکی تیجاری دابەزی. رۆحێک لێوڕێژەی دابونەریتێکی ئینسانی جێگای بۆ رۆحێکی بیابانی چۆڵکرد و عەقڵییەتی عەشیرەتی/ عەرەبی ئەستوونە شوومەکانی لەناو مێشکی کورد داکوتا، بەعس عەقڵییەتی گۆڕی، بەعس بەها ئەخلاقییەکانمانی گۆڕی، بەعس عەرەبێکی خوڵقاند، کە بە کوردی قسەی دەکرد، بەعس لە کلتوورسایدا سەرکەوت، سەرکەوتنێک کە دوای رووخانی سیستەمە دژە ئیسنانییەکەشی هێشتا شوێنەوارە سووتێنەر و خەماوییەکانی ماون، بەعس بیناسازی شاهانەی لەبەر دیدەی تاکی کورد دروست کرد.**

**لە درێژەی کلتوورسایدا دەبێ گوندەکان، شارۆچکەکان بکەوێتە بەر شاڵاوێکی رق ئامێری کلتوورسایدەوە، لێرەوە ئینسانی کورد لە زەوین و کشتوکاڵ و باخات و دەوڵەتداری دوورخرایەوە، شارەکانیش هیچ کارگە و کارخانەیەکی ئەوتۆی لێ نییە، نائەمنی پیشەیی درووست دەکات و ماکیاڤیلیزمی شێوە بەعسی چرۆ دەردەکات، ژیان، پارە بە هەر نرخێک. بەعس لەباتی هاوڵاتی عەبد و کۆیلەی دروست دەکرد، ژیان بەبێ بەعس بێ مانایە. ژیان بەبێ کرنۆش بۆ (قائید) مەحاڵە، کۆمەڵگا خسڵەتە ئەکتیڤەکانی خۆی لە دەست دەدات. کۆمەڵگا لەبەها ئینسانییەکان چۆڵ دەبێ، مێگەلیزمی عەرەبی کوردستانیش دەگرێتەوە، تاکی سەرگەردان و بێ دەرەتان و زەوی و زار سووتاو ماڵ و سامان رووخێندرا و لە نێوان ئاسمان و زەوین و بەعسدا سەرگەردانە، بنەماکانی گەندەڵی مەعریفەی تاک دەگرێتەوە، بەعس زادەی**

**گەندەڵییەکی سەربازی، کودەتایی سیاسییە، گەندەڵیش بە گەندەڵییەوە خۆی رادەگرێ، بۆیە کۆمەڵگای گەندەڵ زەروورەت و مەرجی مانەوەی سیستەمی گەندەڵە. کۆمەڵگای پاک سیستەمی گەندەڵی رەتدەکاتەوە، دیسپلینەکانی تێک دەشکێنێ.**

---

**بە کورتی یەکەم سەرچاوە و هۆکار و ژێدەری گەندەڵی ئەمڕۆمان ریشەی لە ناو کلتوورسایدی عەرەبی و شۆڤێنزمی عەرەبی بەعسی دایە.**

**2- عەقڵییەتی دیل**

**کۆڵۆنیالیزم و دواکەوتوویی فەرهەنگی کۆمەڵێک کاریگەری نیگەتیڤانەیان لەسەر عەقڵییەتی تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردی داناوە. لەوانە کە دەرئەنجامی راستەوخۆی پیلان و پەراوێزخستن و بایکۆتکردن و هەروەها دواکەوتوویی لە کاروانی گەلان یاخود دواکەوتوویی فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردییە.**

**ئەگەر سەردەمی رۆشنگەری وەک بیرمەندانی گەورەی ئەو سەردەمە باسی لێدەکەن، بە سەردەمی دەرباز بوون و رزگار بوون لە کۆت و بەندی خورافە و.. هتد بوو. بە پراکتیک بواری پەڕینەوەی مرۆڤ لە مرۆڤی سونەتی بۆ مۆڤی مۆدێرن یان بە مۆدێرنبوونی رەخساند، ئەوا نەک لەسەدەی 17 و 18، بەڵکو لە سەدەی بیستەمیش هەوڵی بە سونەتی مانەوەی تاکی کورد هێشتا لە تین و تاو نەکەوتووە.**

**عەقڵی دیل، مرۆڤی دیل درووست دەکات، عەقڵی دیل، فەرمانبەر و موریدی ملکەچی خود بە عەقڵی سەرۆک خێڵ و عەشیرەت و شێخ و مەلا بەستنەوەی لێ شین دەبێ، عەقڵی دیل زەحمەتی بیرکردنە و رامان بە خۆی نادات و ئەم ئەرکە دەخاتە ئەستۆی گەورە!! دەیخاتە ئەستۆی خەڵکی تر.**

**کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردی، کۆمەڵە کارەکتەرێکی پەروەردەکردووە، بە عەقڵییەتێکی ترسنۆک، شەرمێون، تەسلیم، ملکەچ و دیل.**

**لە روانگەی مرۆڤی دیلەوە، ئەوەی فەرمان رەوا بیکات، پیرۆزە، هەڵەکانی تەدبیرە، ، فەرمان و دەستوورەکانی لە شێوی شەوان واجیب ترە، خودی ئەم کارەکتەرە زەلکاو یان گێژاوێک بۆ بەرهەمهێنانی گەندەڵی دروست دەکات، بۆ خۆی بەشێکە لە گەندەڵی ئەو گەندەڵییەی کە درێژکراوی رۆحی فیوداڵییەتە، دیارە سیماکانی عەقڵییەتی دیل و عەقڵی دیل لە روخساری مرۆڤی دیلی ئەمڕۆی کورد دەبینرێ، عەقڵی دیل گەورەترین هاندەری گەندەڵەکانە، عەقڵی دیل جادەی فەراهەمکاری گەندەڵییە، گومان سەرهەڵدەدات، من و تۆش بەشێک لە گەندەڵی نین، من و تۆش ئەستوونەکانی گەندەڵی بەهێز ناکەین، من و تۆش بە هەمان عەقڵییەتی دیلەوە ناژین و لە هەیبەتێکی پارادۆکسیکال و درۆزنانەدا، ڤیگۆری"ئازادبوون" نمایش بکەین. من و تۆش (نان) مان، ژیانمان بە گەندەڵییەوە پەیوەست نییە.**

**بۆیە تا کۆی مرۆڤی دیل زیاتر بێ، مەترسی گەندەڵی لە ئارادایە و تا رێژەی عاقڵە دیلەکانیش کەمتر بێ، موژدەی کەمبوون و لەناوچوونی گەندەڵی هەیە.**

**3- بۆشایی سیستەم**

**بەهاری 1991 وەرزی یەکگرتنی کۆمەڵە فاکتەرێکی نێو نەتەوەیی/ ناوچەیی و ناوخۆیی- راپەڕینی گەلی کوردستانی لێکەوتووە.**

**ئەم رووداوەش سیستەمێکی سیاسی، ئیداری، ئابووری، فەرهەنگی و... هتد، وەلاناو دەسەڵاتی ئەویتری سڕییەوە و سێبەری ئەویتری داگیرکەری لە کوردستان یاخود زیاتر لەشەست لەسەدی کوردستانی نەهێشت، سیستەمێک نەما کە زیاتر لە 65 ساڵ لە سێ روخساری جیاجیاو 40 ساڵ لە روخسارێکی دڕندەدا کاری کردووەو کۆڵەکەکانی فەرمانڕەوایی لەم وڵاتە چەقاندووەو نەزم و دیسپلینی خۆی سەقامگیرکردووە، سیستەمێک کە کەش و هەوای تۆقان و ترسان و عەبد دروستکردنی بونیادناوە. سیستەمێک توتالیتەرو فاشیستی، کە لە دڕندانەترین شێوازی رەفتاری دیکتاتۆرانە بۆ تەسلیمکردنی کورد نەپرینگاوەتە، زنجیرە جینایەتێکی خولقاندووە، لە مێژووی هیچ گەلێکدا تەنانەت لە مێژووی هیچ دیکتاتۆرێکیشدا رووی نەداوە، ئەم سیستەمە زیاتر لە نیوملیۆن پیاو و دەست و پەیوەندی لە کوردستاندا بۆ خۆی دروستکردووە، نەسلێکی دروستکردووە، وەک خۆی، سێبەری خۆی، ئاوێنەی خۆی، ئەو هێزەش کە لە شاخ دێنەوە ئەوپەڕی بە 10000کەس دەگات، هێزێک کە هیچ کارێکی بۆ پەروەردەکردنی کادیری بەڕێوەبەری ئیداری و... هتد، نەکردووە، هێزێک بە کەمترین پسپۆڕ، بۆیە لە سپێدەی ئازادییەوە دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، بە ناچار- هانا بۆ پەروەردەکراوانی دیوەخانەکانی بەعس ببات، وەک هەر شۆڕش و راپەڕینێک جۆرێک لە بشێوە (هرج و مرج) لێرەش دووپات دەبێتەوە، وڵات روخسارێکی پڕ مەترسی بە خۆیەوە دەبینێ، نا ئامادەبوونی کۆمەڵگا بۆ دانی نرخی ئازادی و... هتد، شەڕێکی وێرانکەری لێکەوتەوە، سەرکەوتوو ئەوەیە، جەماوەرو هێزی زیاتری بێ، لێرەوە عەقڵیەتی "جەماوەر خوازی "حزبە سەردەستەکان دەبنە پەناگەی نەیارانی دوێنی و هەڤبڕکێش دروست دەبێ لە لابەلای ئەم شەڕەشدا قۆناغێکی فەرامۆش نەکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەست پێدەکات کە لە خوودی براکووژی تاڵترە.**

قۆناغی خود-تالانگەری، تالانی سامانی ئەم نیشتمانە، هەر لە شۆفێل و سەیارە و بگرە تاكێبڵ و.. هتد، ئاودیوكردنی موڵك و سامانی گەل ئاژیری زیندوو مانەوەی عەقڵیەتی بەعسی لێدا، ماكیاڤیلیزم پانتاكان تاپۆ دەكات. مافیاكان سەر هەڵ ئەدەن. بیر و ئایدلۆژیا كوشندەكان بەحزبی جیاجیاوە دەردەكەون لەلایەكەوە ئاگری شەڕی براكوژی خۆش دەكەن، لەلایەكی ترەوە وڵات تاڵان دەكەن.

نائومێدی، نەفرەت، بێزاری سێبەری قورسی خۆی دەخاتە سەر تاكی نادیلی كورد لەنێوان مەسئوولیەت و هەڵاتن. لەنێوان كەوتنە تەك شەپۆڵ و بەرەنگاربوونەوە لەنێوان دەنگ هەڵبڕین و تەسلیم بوون، لەنێوان تفكردن لە ناسنامەی میللی و خود -تاراوگەنشینی، مافیاش بەردەوامە لەكارەكانی و لەم قۆناغە كە كاریگەرییە سلبیەكانی و بۆ شایی سیستەم زیاتر خۆی دەر دەخات. دیسان عەقڵیەتی دیل و عەقڵیەتی مافیایی/عەقڵیەتی بازرگانانە، عەقڵیەتی دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی نیشتمانی بە شێوەیەكی تۆخ بەرجەستە دەبێتەوە، بەعس نەماوەو عەقڵیەتی بەعسی تەڕاتێن دەكات. بەعس نەماوەو میكانیزمەكانی ئیشی خۆی دەكات. بەعس نەماوەو تەعریب نەفەسدرێژانە كار دەكات، بەبێ هیچ مەترسییەك دیسان نەك هەر بواری گەندەڵی، بەڵكو كارگەی گەندەڵ- سازی وەكار دەكەوێتەوە.

بۆ شایی سیستەم و نەبوونی "مودیریەتی قەیران" و نەبوونی ئینتیمای نەتەوەیی- نیشتمانی یەك لەسەرچاوە و ژێدر و لەهەمان حاڵدا هۆكارەكانی ئەو دیاریدەیە كە ئەمڕۆكە- بەفراوانی باسی دەكەین- گەندەڵی چ مێژوویەكی هەیە. گەندەڵی زادەی ئەو مێژووەیە كە من راشكاوانە لە "زەروورەتی گۆڕان"دا باس لە ئەرشیفكردنی دەكەم. گەندەڵی دیاردەیەكی بێ ریشە نییە كە بە روخاندنی ڤێلایەك یان سزادانی بەرپرسێك كۆتایی بێ، ئەمن وێڕای خوێندنەوەی مێژووی ئەنفالچیە بەعسیەكان و كارنامە پڕ شەرمەزارییەكەیان و گەشتێكی مەیدانی، میدیایی دەربارەی گەندەڵی بەو قەناعەتە گەیشتم، بەعس هەرگیز نەیتوانی (شەهید، پێشمەرگە، خەبات و.... . هتد) ، لە رۆحی زۆرێك لە خەڵكی كوردستاندا-تەنانەت ئەوانەش كە پیاوی خۆی بوون، بسڕێتەوە، بەعس لەم بوارەدا سەرنەكەوت، دۆڕا، بەڵام گەندەڵی، بەتایبەت لە فایلە سیاسی و حوكمرانیەكەیدا بەهۆی:

1. خودی بوونی بەرپرسان، ئەوان عەرەب و بەعسی بوون، ئەمان كوردو كوردستانین.
2. ئەمان تا دوێنێ - زۆربەیان پێشمەرگە بوون و خۆشەویست كە چی ئەمڕۆ....

وەك لەسەر ئەرزی واقیعدا دەیبینین، بەسانایی خەریكی كوشتنی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی و تەنانەت ناحەز كردنی حزب و ناوی حزب و كاڵكردنەوەی چەمكە پیرۆزەكانی ئینسانی كوردە، بۆیە ئەمن بە جوورئەتەوە ناوی دەنێم: خود- ئەنفالیزم.